ژمارە ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

# فێمێنیسم
# زەلیلکردن و کەمکردنەوەی پێگەی پیاو نیە



نەدا مێرگەسۆری

ژنە فمێنیسمی ڕێگای بەرابەری سیمۆن دوبوڤوار دبێژیت" لە کۆمەڵگا پیاوان وەك مرۆڤ دەناسرێن، بەلاّم ژنان ژنن، هەر کاتێکیش ژن بیەوێت وەك مرۆڤێك بناسرێت تۆمەتی ئەوەی لێدەدەن کە لاسایی پیاو دەکاتەوە". بەلاّم ئایا دەبێت ڕەگی ئەو نایەکسانیەی نێوان ژنو پیاوو ئەو ناداپەروەرییە دەرهەق بە ژن دەکرێت لە کوێ بدۆزینەوە، ئایا کام لەمانە، ژن خۆی، پیاو، خێزان، جڤاك، حکومەتو هەبوونی یاسایی لاسەنگ کە تەنیا سوودی بۆ پیاوانە هۆکاری ئەو جیاکاریو ناداپەروەرییەن، یانژی سروشتو باری ئابوریو مێ بوونی ژنە، کە دەیخاتە بەر جیاوازیو توندوتیژی، بێگومان هێشتاش لە کۆمەڵگا هەرە پێشکەوتووەکان لەسەر ئازادیەکانی ژنان شەڕو گفتۆگۆ هەیە، جا چۆن لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای من، باریکبینو خێلگەرا کە ژن ژنەو پیاو مرۆڤێکی کامڵ، ڕۆژانە تەماشاگەری سەدان جۆری توندوتیژی جەستەییو دەروونی نەبین کە بەرامبەر بە ڕەگەزی مێی وڵاتەکەم ئەنجامدەدرێنو بە ڕەمزی غیرەتو پیاوەتی دادەنرێت. بەلاّم نەهێشتنی نایەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزو سەیرکردنی ژن وەك مرۆڤێك کارێکی سەختە کە لە ئەستۆی تەواوی ئەو کەسە فێمێنیستانەیە کە بۆ بەرابەری ژنو پیاو تێدەکۆشن، زۆرن ئەوانەی کە نامۆن بە وشەی فێمێنیستیو ئەو وشەیە بە وشەیەك دادەنێن کە مانای کەمکردنی پێگەی پیاو، بە پیاو زەلیلی دەزانن، هەشن ئەوانەی بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە لە ڕێگای فێمێنیستی هەنگاو دەنێنو بۆ بەرابەری ڕەگەزی نێرو مێ تێدەکۆشن، بۆیەش ئەو بابەتەم نووسی، تا ڕوونکەمەوە فێمێنیسم و جۆرەکانی چینو کەسە فێمێنیزمەکان بۆچی تێدەکۆشن. فێمێنیسم (Feminism) لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسیە لە وشەی لاتینی (Feminine) کە بە مانای ژن دێت، وەرگیراوە، لە زمانی کوردیش بە مانای لایەنگری لە مافەکانی ژن یان بزوتنەوەی ئازادی ژنان یانژی ژن باوەری دێت. دەکرێت پێناسەیەکی گشتی بۆ ئەو وشەیە بکرێت، بەوەی فێمێنیسم بزوتنەوەیەکە کە تێدەکۆشیت بۆ بەدەستهێنانو سەلماندنی مافی کۆمەلاّیەتی، سیاسیو ئابوری ژنان بە شێوەیەك یەکسان بێت لە گەڵ مافەکانی ڕەگەزی نێر. فێمێنیستیش ئەو کەسەیە کە بۆ سەلماندنو هێنانە کایەوەی مافە کۆمەلاّیەتی، سیاسی، ئابوری ژنان کە یەکسانو هاوشانی پیاوان بێت، تێدەکۆشێت، دیدوبۆچوونی جۆراوجۆر هەیە لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوەیە، دەستەیەك پێیان وایە مێژووی ئەو ڕەوتە زۆر کۆنەو بۆ کاتی سەرهەڵدانی بەشەریەت دەگەڕێتەوە، دەستەیەکیش دبێژن، بۆ سەرەتای سەدەی پانزدەهەمی زایینی دەگەڕێتەوە، هەندێکیش دەڵێن لە سەدەی ١٧ سەری هەڵدا، بەلاّم کاریگەرترینو بەناوبانگترین هزر ئەو بۆچوونەیە کە دبێژیت، فێمێنیسم لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەهەمو دوای شۆڕشی فەرەنسی سەری هەڵداوە، بێگومان دوای شۆڕشی فەرەنسی فێمێنیسم سێ شەپۆلی هزری گرنگی بە خۆوە بینی، شەپۆلی یەکەم لە ساڵی ١٨٣٠ دەستی پێکرد، پەرتووکی حەقانیەتی مافەکانی ژنی مێری وێلستۆن لە ساڵی ١٧٩٢و دواتریش هزرکانی جان ئێستیوارت میل کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر بەرفراوانکردنی ئەو ڕەوتە، لە دەیەی ١٩٢٠ ژنان توانیان ببنە خاوەنی هەندێك مافی مەدەنیو سیاسی کە گرنگترینیان مافی دەنگدان بوو، شەپۆلی دووەمیش لە دەیەی ١٩٦٠ دەستی پێکرد، سیمۆن دوبوڤوار بە نووسینی پەرتوکی ڕەگەزی دووەمو بێتی فریدن بە نووسینی پەرتوکی ژنی فێڵ لێکراو کاریگەریەگی گرنگیان لەسەر بزاوتنی ئەم شەپۆلە فێمینێستیە هەبوو، لەم شەپۆلەش ژنان چەندین مافی زەوت کراوی



سیمۆن دوبوڤوار

خۆیان وەرگرتەوە، شەپۆلی سێیەمی ئـەو بزوتنەوەیەش لە سـەرەتایی دەیەی ۱۹۹۰ دەسـتی پێکـرد، کە تا ئێستاش بە شێوەی جیاجیا لە لایەن فێمینیسـتەکانی تەواوی گەردوون بەردەوامە، فێمێنیسـمیش چەندین لقی جۆراوجۆری هەیە کە بە کورتی لێیـان دەدوێم، لیبرال فێمێنیسـت، ئەم لقەی فێمێنیسـت بۆ چاکسازی کۆمەڵگا تێدەکۆشـێتو هەوڵدەدات ڕێگایەکی دیاریکـراوی کۆمەڵایەتی بدۆزێتـەوەو ژنانیش لەگـەڵ ئەو ڕێگایـە هەماهەنگ بـکات، زۆربەی فێمێنیستەکانی سەدەی ۱۹لەم جۆرە بوون. ئامازۆن فێمێنیسـم جەخت لەسەر یەکسـانی فیزیکی ژنو پیاو دەکاتو دژی جیاکاریـە بەرامبـەر ژنان کە لەسـەر بنەمـای زەعیفیو بێ دەسـەڵاتی ژنانە. فێمینیسـمی فەرهەنگی، ئـەم جۆرەیـان بڕوای بە جیاوازی بنەرەتـی نێوان ژنانو پیاوانـەو ئـەو جـۆرە جیاوازیەش سـتایش دەکات، وەك ئـەوەی ژنان نەرمـترو میهرەبانترن لـە پیاوان، گەر ژنان ئیـدارەی گەردوون بکەن هیچ شـەڕێك ناهێتە کایەوە. ئاکو فێمێنیسم ئەم لقەی فێمێسیت دژی باوك سالاریە، بە بۆچوونی ئەو لقە، فەلسـەفەی باوك سـالاری ژیان بە ژنان، منـدالانو بگـرە بوونەوەری زینـدووی سـەر گـۆی زەوی دەگەیێنێـت، فێمێنیسـتی تاکگەرا، بنەمـای ئـەم جۆرەیـان لەسـەر فەلسەفەی تاکگەراییو ئازادی تاکە، جەخت لەسەر سـەربەخۆیی تاكو مافەکانو ئازادیەکان دەکات، بە بێ ئەوەی سەیری ڕەگەزی ئەو تاکە بکرێت کە ئایا ژنە یان پیاو. فێمێنیستی ماددیگەرا، ئەم بزروتنەوەیە لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم بۆ ڕزگاری ژنانو باشتربوونی باری دارایی ژنان سـەری هەڵدا، ئەم بزوتنەوەیە لـە هەوڵی لەناوبردنی بەرپرسـیارەتی قورسـی ماڵداری، کابانیەتیو کاری دیکەی قورسی ماڵ بووو هەوڵـی ئەوەی دا ڕۆلی ژنان لە دەرەوە زیاتر بکاتو تا لە لایەنی دارایی دەست بۆ پیاوان درێژ نەکەنو داوای پارەیان لێنەکەن. فێمێنیسـمی میانەڕۆ، ئەمەیان لایەنگـری ئەو ژن گەنجانە یان ئەو ژنانـە دەکات کە ڕاسـتەوخۆ نەکەوتوونەتە بەر جیاکاری جنسـی، پاپ فێمێنیسمیش بە شـێوەیەکی گشتی مانای ڕقبوونەوە لە پیاوە، هەرچەند هێشـتا هیچ فێمێنیسـتێك کە بە تەواوی ڕقی لە پیاوان ببێتەوە بوونی نیە، لە کاتێکدا زۆرن ئەو پیاوانەی کە فێمێنیسـتن، بەڵام گەر گرووپێکی لـەو جۆرە هەبوون کە ڕقیان لە پیاوان بێتو پیاو بە کەم بزانن بە پاپ فێمێنیسم دەناسرێن. ڕادیکال فێمێنیسم، ئەم دەسـتەیە خوازیاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتین، بەڵام بە شێوەی شۆڕش، مشـتومری سـەرەکی ئەم دەستەیە لەسـەر ئەوەیە بۆچی ژنـانو پیاوان دەبێت ئەو ڕۆلانە وەرگرن کە لە گەڵ جنسـییەتیان دەگونجێت. فێمێنیسـتی جودایی خوازیـش جۆرێکی دیکەیە، لەبەر ئەوە پێان دەڵێن جوداخواز، چونکە داوای جودایی لە پیاوان دەکەن، جودایی گشـتی یان بەشـەکی. ئەوان پێیان وایە کە جودایی ژن لە پیـاو هۆکارە بۆ ئـەوەی ژن بتوانێت تواناییەکانـی خۆی لە زەمینە جۆراوجۆرەکان پێشـان بدات، کە ئەمەش بۆ گەشەکردنی کەسایەتی ژن زۆر پێویسـتە. هەر یەکێك لـەو لقانە بە هەوڵو ماندوبوونێکی زۆر هاتنە ئاشـکراکرن و بە پێی پێویسـت شـوێن پەنجەی خۆیان لەسـەر یەکسـانی نێوان ژنو پیـاوو دادپەروەری جێهێشـتووە، بە هیوای ئەوەی هزری فێمێنیستی کوردی لە کۆمەڵگای کوردەواری بەو جۆرەی کە پێویسـتەو خزمەت بە یەکسانی ژنو پیاو دەکات پەرە بسـێنێتو نەبێتە هۆکارێك بۆ سەرکوتکردنی ژنو ئەوانەی داکۆکی لە یەکسـانی ڕەگەزی مێو نێر دەکەن. ئەوانەش کە لە هزری ئەوەن ئەم بزووتنەوەیـە زەلیلکردنی پیاووە مافەکانیـان پێماڵ دەکات با دڵنیابـن هاتنەکایەوەی کۆمەڵگایەك کە ژنو پیـاو لە مافو ئەرك یەکسـان بن ڕێگایەکە بۆ بەدەسـتهێنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەفتیو مرۆڤسالار.